به بۆنەی بیست و هەشتەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ـەوە

# ڕامان سەلماندی کە هێزی ئەدەبیات، لە سەرووی هێزی دەسەڵاتدار و نەیارانە

**لەیلا نوورانی**
**(مەهاباد)**

ئەدەبیـات ئامرازێکـی بنەڕەتیـی ئادەمیـزادە بـۆ پێوەنـدی و ڕاگوێزتنـی ئەزموونـە ئینسـانییەکان. لـە کۆنـەوە، هـەر لـە نووسـراوە هەڵقەندراوەکانـی سـەر بـەرد و ئەشـکەوتەکانڕا بگـرە، هەتـا ڕۆمانـە بەپێچوپەناکانـی دەور و زەمانـەی ئێمـە، ئـەوە هەر ئەدەبیاتـە کـە ئاوێنـەی ڕەنگدانـەوەی کولتـوور و شارسـتانیەتە جۆراوجۆرەکانـی تێـدا بـەدی دەکـرێ و یارمەتـی بـە بیچمگرتـن و گۆڕانکاریشـیان دەدا.

فیتـز جیرالـدی (Fitzgerald) ڕۆماننـووس، پێـی وایـە ناسـینی ئەدەبیاتـی وڵاتێـک ئێمـە دەکا بـە شـارۆمەندی ئـەو وڵاتـە.

ماریـۆ بـارگاس یۆسا لە کتێبی «بۆ ئەدەبیات؟»دا پێمـان دەڵـێ کـە بـێ ئەدەبیـات، سـەرەڕای پێشـکەوتنەکانی زانسـتی، خاوەنـی کۆمەڵگەیەکـی دابـڕاو لـە شارسـتانیەت و بێبـەری لـە ڕوحیـن، کۆمەڵگەیـەک تـژی لـە بووکەڵـە قورمیشـییەکان کـە ئازادییـان لەبیـر کـردووە.

گۆڤـاری ئەدەبـی کۆڵەکـەی کۆشـکی سـیحراوی ئەدەبیاتـە، خـۆی بەشـێک لـە چانـدی نەتەوەیـە و یارمەتـی دەدا زینـدوو بمێنـێ و بـۆ بـەرەی داهاتـوو دەیپارێـزێ. بـە ئامـاژە بـەو ڕاسـتییە کـە چانـد مانا بـە ئەدەبیـات دەدا و لـە ژێـر کاریگـەری چڕی هزری گشـتی هـەر نەتەوەیەکدا پـڕ نـاوەرۆک و بەپێزتـری دەکا. بـە ڕاشـکاوی دەتوانیـن بیسـەلمێنین کـە یـەک لـە پێناسـەکانی پێشـکەوتوویی گـەلان ئاسـت و ڕادەی بـەرزی گۆڤـار و بڵاڤـۆک و ڕۆژنامەکانـی، لـە بـوارە جۆراوجـۆرەکان دایـە.

ڕامـان، وەک گۆڤارێکـی ڕۆشـنبیریی و ئەدەبـی، بـە نزیکـەی سـی سـاڵ تەمەنـی پـڕ شـکۆیەوە ئێسـتاکە لـە دنیـای ئەدەبـی کوردیـدا خاوەنـی بنجوبناوانـی پتـەوە. ئەگـەر لـە دەلاقەیەکـی نـوێ لێـی بڕوانیـن، بۆمـان دەردەکـەوێ ناوەڕۆکـی ئـەو گۆڤـارە کـە پێکهاتـەی قەڵەمـی هەمەچەشـنی نووسـەرانە، بایـەخ، بـاوەڕ و ڕوانگـە نوێیەکانـی گەلـی کـورد و جیهانـی (لـە ڕێـی وەرگێـڕان و وتـار) بـە بەردەنگـی خـۆی ناسـاندووە و بـاس لـە کەڵکەڵەکانـی کۆمەڵایەتـی، سیاسـی و ئەخلاقـی دەکا. توانیویەتـی وورووژێنـەری هەسـت و نەسـتی بەردەنگـی خـۆی بـێ و بێدەرەتانـی کا «بیـر کاتـەوە». ئـەو کاریگەرییـە هـۆکاری گۆڕانـکاری

ڕوانگە و کردەوەکانە و ئاستی وشیاری تاکی نەتەوەی پێ بەرز دەبێتەوە. بەپێچەوانەی زۆربەی هەرە زۆری ئامرازەکانی فەرهەنگی کە بە تێپەڕبوونی کات بەرەو نەمان چوون، بەرهەمە چاپکراوەکانی ڕامان، وەک ئەرشیف و خەزێنەیەکی هەتاهەتایی دەمێننەوە و لە خزمەت مانەوەی شوناسی نەتەوەیی کورددایە.

لە هەلومەرجە جۆراوجۆرەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا نووسەران بە ڕوانگە جیاوازەکانیانەوە ڕۆڵێکی ئەوتۆیان لە پاراستنی شوناسی ڕەچەڵەکیدا هەبووە، نووسەران بە وتار و شیعر و چیرۆک دۆخە نالەبارە داسەپاوەکانیان بە جۆرێک دارشتۆتەوە کە خوێنەری ئەو ژانرانەیان هان داوە بە خۆڕاگری و بایەخە کولتوورییەکانیان بزانن. ئەدەبیات خۆی بەستێنێکی باش بۆ ڕەخنەی کۆمەڵایەتییە، تەنیا بە خوێندنەوەی بەشی شیعر و چیرۆک و وەرگێڕانەکانی گۆڤاری ڕامان بۆمان دەردەکەوێ کە چۆناوچۆن لە گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی کورد و جیهان بڕوانین و چاووگوێ کراوەتر بین.

یەک لە بەشە بایەخدارەکانی گۆڤاری ئەدەبی ئەوەیە کە لە بەشی چیرۆک و وەرگێڕانی چیرۆکدا، توانایی ڕەنگدانەوەی دەنگی «چینی بێدەنگ» و کپکراوی بەشەکانی تری تێدایە. چیرۆک، واتاکانی وەک بەرانبەری، ئەوین و هیوا و شەڕ و نەهاتی و ئاوارەیی و لێقەوماوی و ... بە شێوازی جیهانی ئاراستە دەکا، ئەو چەمکانە بەهۆی هاوبەشبوونیان، لە کولتوورە جۆراوجۆرەکاندا فام دەکرێن. لێرەدا هێزی گۆڤاری ئەدەبی دەردەکەوێ، تایبەت بۆ کورد کە هەموو کات مەترسی نەمانی لەسەرە.

سی. ئێس. لویس (Clive Staples Lewis) کوتەنی «ئەدەبیات نەتەنیا باس لە ڕاستەقینە دەکا، بەڵکوو لێشی زیاد دەکا» یانی جۆرێک «بایەخی زیادە».

وەک خوێنەر کاتێک سەیری دنیای ڕەنگاڵەی گۆڤاری ڕامان دەکەی شێوەیەک لە گەڵاڵەی فیکری و یاساکانی کۆمەڵایەتی باوی تێدا دەبینی، ئەوان تاریفێکن لە لایەنە جیاجیاکانی ژیانی نووسەرانی کورد و ئەو هەلەمان بۆ دەڕەخسێ کە بە ناخی خۆماندا بچینە خوارێ و بیروهزرمان پەروەردە کەین و کورد کوتەنی مێشک و ڕوحمان بۆ گۆڕانکاری دە هەڵمەت گرین، ئەوە هەوەڵ هەنگاوی گەشەی تاکەکەسییە. ڕامان دەیسەلمێنێ کە تەنیا گۆڤارێک نییە بۆ چێژوەرگرتن لە خوێندنەوە، یان فێربوون، بەڵکوو خەریکە ڕەوتی ژیانمان دەگۆڕێ.

گۆڤاری ڕامان کە هەر لە هەوەڵەوە سێبەری بۆ نووسەرانی پارچەکانی تری کوردستان بووە



و تـا ئێسـتاش درێـژەی هەیـە، لـە سـەردەمێکدا کـە سۆشـیالمیدیا بوونـی نەبـوو، توانیویەتـی هـەم نووسـەران بـە یەکتـر بناسـێنێ و هـەم ئامرازێکـی بەهێـز بـۆ ڕاگوێزتـن و پاراسـتنی دابونەریـت و شوناسـی چانـد بـووە و لـە دەسـتی هاتـووە هەسـتی یەکگرتوویـی و ئینتیمـا و پێبەنـدی لـە نێـوان نووسـەر و بەردەنگـی هەمـوو پارچەکانـی کوردسـتان ساز کا و بۆ ئەم ئامانجە سنوورەکانی بەزانـدووە. بەڵـێ ڕامـان سـەلماندی کـە هێـزی ئەدەبیـات لـە سـەرووی هێـزی دەسـەڵاتدار و نەیارانـە.

## گۆڤاری ڕامان و بایەخی زمان

کارڵ گۆسـتاڤ یۆنـگ (Carl Gustav Jung) زمـان وەک ئامرازێـک بـۆ دەربڕینـی ئەزموونەکانـی ناوشـیاری و پێوەنـدی دەگـەڵ جیهـان و «ئەویتر» دەزانـێ. یۆنـگ هەروەهـا ئامـاژە بـە ڕۆڵـی زمـان لـە بیچمگرتنـی شـوناس و مانـای ژیـان دەکا. بـەو مانایـە کـە زمـان هـەر بـۆ دەربڕینـی هەسـت و بیـر نییـە، بەڵکـوو دەتوانـێ یارمەتیـدەر بـێ بـۆ ئـەوەی مانـا بـە ژیـان ببەخشـین.

ئیرڤیـن داڤیـد یالـۆم (Irvin David Yalom) لـە بەرهەمەکانـی خۆیـدا، گرینگـی زمـان لـەوەدا دەبینـێ کـە ئامرازێکـی بەهێـز بـۆ پێوەنـدی و ناسـیاوی خۆمـان و ئەوانیتـرە. ئـەو پێـی وایـە کـە زمـان لـە دەسـتی دێ دە هانامـان بـێ هەتـا مانـای ژیـان بدۆزینـەوە و وەڵامـی هەلومەرجـە دژوارەکانـی ژیـان بدەینـەوە، هەروەهـا زمـان بـۆ بەربەرەکانـی دەگـەڵ تـرس و دڵەڕاوکێکانـی وجـوود (ئێگزیستانسـیال) بـەکار دێنـێ.

بەو پێیە زمان ئامرازێکی بەهێزە بۆ سـازدانی جوانـی، ڕاگوێزتنـی چەمکـە چەتوونـەکان و پێکهێنانـی پێوەنـدی قـووڵ و مەنـد لـە نێـوان نووسـەر و خوێنـەردا. گۆڤـاری ڕامـان سـەت ئەوەنـدەی لـە خزمـەت گەشـەی ئەدەبـی کـوردەواری دابـووە، ناڕاسـتەوخۆ خزمـەت بـە زمانـی کـوردی دەکا، ئەویـش لـەو ڕۆژگارەدا کـە حەولـی نەیارانـی دەسـترۆییو بۆ سـڕینەوەی زمان و کاریگـەری نەشـیاوی سۆشـیالمیدیای بێگانـە، تەنگـی پـێ هەڵچنیویـن. لەبیـری نەکەیـن کـە ڕامـان سـەرچاوەیەکە بـۆ زمانناسـان و لێکۆڵەرانـی ئـەو بـوارەش و میراتێکـی بەنـرخ بـۆ داهاتووانمانە.

## چەند خاڵی شایانی باس لەمەڕ زمان لە بەرهەمەکانی گۆڤاری (ڕامان)دا

**خوڵقاندنی جوانی:**

زمـان لـە ئەدەبیاتـدا ئامـرازی ئافراندنـی جوانییـە، نووسـەران بەکەڵـک وەرگرتـن لـە زمـان دەتوانـن وێنـەکان، هەسـتەکان و چەمکـەکان بـە شـێوازی هونـەری و سـەرنجڕاکێش وێنـا بکـەن.

**ڕاگوێزتنی بۆچوون و واتا:**

زمانـی کـوردی لـە گۆڤـاری (ڕامـان)دا وەک ئامـرازی ڕاگوێزتنـی واتـای چەتوونـی فەلسـەفی، دەروونناسـی، جوانیناسـی، ئەدەبـی و مێژوویـی و ... کەڵکـی لـێ وەردەگیـرێ.

**شەنوکەوکردنی بەرهەمەکان:**

ڕەخنەگـران بـە کەڵـک وەرگرتـن لـە زمـان، بەرهەمـە ئەدەبییـەکان هەڵدەسـەنگێنن و خاڵـە بەهێـز و لاوازەکانیـان دەستنیشـان دەکـەن و لـە بەشـی وتـار و ڕەخنـەدا لـە گۆڤـاری ڕامـان ئـەو تایبەتمەندییـە دەبینیـن.

**پەرەپێدانی چاند و زمان:**

گۆڤـاری ڕامـان وەک ڕاگەیەنێکـی فەرهەنگـی، یارمەتیـدەری پەرەپێدانـی زمـان و چانـدی ئەدەبـی

کۆمەڵگەیــە و لــە خزمــەت زیندوومانەوەیــدا. ئــەو گۆڤــارە بەپێــزە، بــە بڵاوکردنــەوەی بەرهەمــە ئەدەبییــەکان، بــۆ بەهێزکــردن و بــرەوی زمانــی کــوردی و فەرهەنگــی ئەدەبــی کوردەواری پاڵپشــت و پشــتیوانە، لــە بیــری نەکەیــن کــە لــە هەمــان کاتــدا هەنگاوێکــی بەنرخــە بــۆ گەشــەکردن و گۆڕانــکاری زمانــی کــوردی و ئەکتیڤــی ڕادەگــرێ.

**پەرەی زمان:**

تەرکیــزی گۆڤــاری ڕامــان لەســەر بەرهەمــی نــوێ و داهێنەرانــە، یارمەتــی بــە پەرەگرتــن و دەوڵەمەندیــی زمانــی کــوردی دەدا. وتــارە جۆراوجۆرەکانــی بەســتێنێکی بــاش بــۆ قســەلێکردن و ڕەخنــەی بەرهەمگەلــی ئەدەبــی پێــک دەهێنــێ. ئــەو ڕەخنــە و باسوخواســانە هــۆکارن بۆئــەوەی زمانــی ئەدەبی بایەخــی پــێ بدرێ و یارمەتیــدەری بــواری پێشــکەوتنی ڕواڵەتــی کوالیتــی بەرهەمــە ئەدەبییەکانــە.

**پێکهێنانی پێوەندی:**

ئەگــەر گۆڤــاری ڕامــان پــردی پێوەنــدی نێــوان بەردەنــگ و بەرهەمــە ئەدەبییەکانــی نووســەرانە، ئــەو پێوەندییــەی لەنێــوان نووسەرانیشــدا ســاز کــردووە. لــەو ســاڵانەی دوایــی بــە بەڕێوەبردنــی فیســتیڤاڵ لێمــان بــوو بــە ماڵــی بــاوان و لــە دەوری یەکتــر کــۆی کردینــەوە. لایەنێکــی تــری گرینگیدانــی گۆڤــاری ڕامــان بــەو کەسانەیە کــە تازە قەڵەمیــان دارەداریەتــی و هەلیــان بــۆ دەرەخســێنێ تواناییەکانــی خۆیــان دەرخــەن.

**سیاسەت و گۆڤاری ڕامان:**

ئەگــەر ئاوڕێکــی خێــرا لــە ڕوانگــەی فرێدریــک جیمســۆن (Fredric Jameson)ی ئەمریکــی لــە کتێبــی «ناخــودآگاه سیاســی» بدەینــەوە، بۆمــان دەردەکــەوێ کــە نووســەر حەولــی داوە نیشــان بــدا کــە چــۆن نووســراوە و بەگشــتی هــەر جــۆرە بەرهەمێکــی ئەدەبی، بەتەنیــا بەرهەمــی چاند نییە، بەڵکوو وەک کەرەستەیەکی سیاسیش حیسابی بۆ دەکرێ. ئــەو پێــی وایــە کــە ئەدەبیــات و هونــەر، لــە ڕێگــەی هێمــاکان، مەیــل و هەســت و بزوێنــە سیاسییەکان، بنچینــەی کۆمەڵگــە نیشــان دەدەن. جیمســۆن لــە چەمکــی نەزانســتە، یــا ناخودئــاگا (subconscious) وەک کەشــێکی سیاســی، بــۆ ڕاڤەکردنــی بەرهەمەکانــی هونــەری کەڵــک وەردەگــرێ. بــەو مانایــە کــە نەزانســتە شــوێنێکە کــە لــەودا بزوێنــەکان و ئیــدە سیاســییەکانی تێــدا شــاراوەیە و بەرەبــەرە لــە نووســراوەی ئەدەبــی و بەرهەمــە هونەرییەکانــدا خــۆی ئاشــکرا دەکا. ئــەو کتێبــە بــە پاڵپشــتی بــە مارکسیســم و فرۆیــد نیشــان دەدا کــە چۆناوچــۆن بەرهەمەکانــی هونەری، بــە شــێوازی ناڕاســتەوخۆ دەتوانــن «نوێنەرانــی سیاســی» بــن.

بیرمــان نەچــێ سیاســەت نەخشــێکی گرینگــی لــە ســەرهەڵدان و گۆڕانــکاری گۆڤــارە ئەدەبییەکانــدا لــە ئەســتۆیە، زۆربــەی هەرە زۆری گۆڤــارە ئەدەبییەکانی دنیــا لــە دەورانــی سیاســی تایبەتــدا پێــک هاتــوون و دەتوانــن پلاتفۆرمــی دەربڕینــی ڕەخنــە لــە سیاســەتی حاکــم و زاڵ، برەوپێدانــی بۆچوونــی سیاســی، یــا پێکهێنانــی کــەش و فــەزا بــۆ گفتوگــۆی سیاســی بــن.

گۆڤــاری ڕۆشــنبیریی و ئەدەبــی (ڕامان)یــش لــە وەهــا دۆخێکــدا ســەری هەڵــداوە و دەرفەتــی بــۆ دەربڕینــی تەگبیــر و ڕاوبۆچوونــەکان بــە زمانــی ئەدەبــی پێکهێنــاوە و وەک تریبــۆن وابــووە لــە ســەردەمانی زەبروزەنــگ و پشــێوی بیروڕاکانــدا. خاڵــی بەهێــزی ئەوەیــە کە لە لایەنــی ئایدیۆلۆژییەوە تــەواو ســەربەخۆیی خــۆی پاراســتووە. کــە وایــە

گۆڤارێکــی وەک ڕامــان ناڕاســتەوخۆ توانیویەتــی ئایدیۆلۆژیـی سیاسـی نووسـەری کورد بـە بەردەنگی خـۆی بناسـێنێ و یـەک لـە باشـترین گۆڤارەکانـی زمانـی کوردییـە بـۆ لێکۆڵینـەوەی لـەم بـوارەدا.

## ڕەوانناسی و ڕامان

فرۆید (Sigmund, F) و یۆنـگ ( Gostav Jung, C) لـەو دەگمـەن کەسانە بـوون کە بە پێوەنـدی نێوان ئەدەبیات و ڕەوانناسـی مرۆڤیـان زانی و دەروازەکانی ئـەو پێوەندییانەیـان بـەڕووی دنیـادا کـردەوە. یۆنـگ پێـی وابـوو کـە نەزانسـتە دوو بەشـی تاکەکەسـی و کۆمەڵایەتـی هەیـە، بەشـی کۆمەڵایەتییەکـەی بەرهەمـی ژیانی بەرەکانـی پێشـووی ئێمەیـە و هـەر تایبـەت بـە تاکەکـەس نییـە و میراتییـە، بۆیـە وردبوونـەوە لێیـان دەتوانـێ بـەوردی زانیاریمـان لـە دۆخـی کۆمەڵگـە پـێ بـدا. گۆڤـاری ڕامـان بـە لـە خۆگرتنـی بابەتگەلی هەمەچەشـن، بـۆی کـرا کـە بـە ناسـاندنی نووسـەران بـە هـزری جیـاوازەوە، ئـەو بەسـتێنەش بـۆ لێکۆڵینەوە پێـک بێنـێ.

بـە کورتـی و بـە کـوردی گۆڤـاری ڕامـان کاری کارانـە، هـەر خـۆی پێناسـەی خـۆی دەکا و ئـەوەی دەکوتـرێ و دەنووسـرێ هـەر لە زیادییـە. بەدرێژایی نزیکـەی سـی سـاڵ تەمەنـی پڕشـەنگداری بـۆ گەلـی کـورد بۆتـە داری بـەری و هەمـوو کـەس بـۆی هەیـە لـە بەروبـۆی کەڵـک وەرگـرێ و بـەردەوام بەسـەر کەندوکۆسـپەکاندا زاڵـە، بەرهەمـی ماندوونەناسـیی و تێکۆشـانی بێوچانـی بەڕێـز و هێـژا مامۆسـتا «ئازاد عەبدولواحیـد» و دەسـت و پێوەندەکانیەتـی.

بـە بـاوەڕی مـن بوونـی مرۆڤـی بلیمـەت و هەڵکەوتەیـە کـە ئاسـۆی ژیـان ڕووناک دەکا، دەنـا بەرداشـی زەمـان، ڕوحـەکان دەهـاڕێ و بڕستمان لـێ دەبـڕێ. بـەش بەحاڵـی خـۆم قـەت وەک تاکەکـەس لـە م. ئـازاد عەبدولواحیـدم نەڕوانیـوە، لای مـن فێرگەیەکـە، کـۆی خاکەڕایـی و ئەخـلاق و زانسـتی ئەدەبییـە و ڕامـان بـە م. ئـازاد عەبدولواحیـدەوە ڕامانـە و پاراسـتنی ئـەو قەڵایـە هـەر بەخـۆی دەکـرێ. ناسـیاوی وەهـا کەسـێک جۆرێـک بـازی دەوڵـەت لەسـەر نیشتنە و تـا دنیـا دنیایـە نەتـەوەی کورد بـە کار و چالاکی و دڵسۆزییەکانی سـەرفرازە. سـوارچاکێکی بێوێنـەی گۆڕەپانـی ئەدەبیاتـە و کـەم هەڵدەکـەوێ کەسـێک پەیـدا بـێ تـۆزی بشـکێنێ. ئاواتمـە ڕۆژێـک بیرەوەرییەکانـی سـی ساڵەی (ڕامان)مـان بـۆ بنووسـێتەوە و مێـژووی گۆڤـاری ڕامـان بخوێنینـەوە.

باسـەکە بـەو ڕسـتەیە کۆتایـی پـێ دێنـم کـە: «ئەدەبیـات زمانـی ڕوحـە و ئێزنمـان پـێ دەدا لـە ڕوانگـەی قووڵتـر و هەسـتیارتر لـە دنیـا حاڵـی بیـن.»